مەسعود بارزانی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی دەنگی دا

بەیانیی ئەمڕۆ سەشەمە، 11ـی تشرینی دووەمی 2025، مەسعود بارزانی لە چوارچێوەی دەنگدانی گشتیی پەرلەمانی عێراق، لە بنکەیەکی پیرمام، لە سنووری پارێزگای هەولێر، دەنگی دا.

کاتژمێر 07:00ـی بەیانیی ئەمڕۆ سەشەمە 11ی تشرینی دووەمی 2025، لە پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان پرۆسەی دەنگدانی گشتیی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق دەستیپێکرد.

بە گوێرەی ئامار و تەمارکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق زیاتر لە 20 ملیۆن دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەیە، کە زیاتر لە دوو ملیۆن و 800 هەزار دەنگدەر لە هەرێمی کوردستانن.